حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی

# گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

ژمارە(٩)     ئاب ٢٠٢١

# JKSS

# Journal of Kurdistani for Strategic Studies

NO. 9   Aug. 2021

Scanned with CamScanner

## لەم ژمارەیەدا:

١- وتەی ئەم ژمارەیە  پ ی د رزگار ئاغا (سکرتێری نووسیین)
.................... (١١)

٢- دەربڕاوە كۆمەڵاتییەكان لە تەرازووی زانستی زمان دا.
د. جوانە ئەحمەد حسەین - م. بێستون ئەبوبەكر عەلی .................................(١٣)

٣-جەمكی پاراڵێلیزم (تەریبی) لە لیریكی بێسارانیی دا
پ ئەنوەر قادر محمد - م لهۆن قادر عبدالرحمن. .................................(٣٣)

٤-(لێكدانەوەیەكی نوێ بۆ فۆرم و واتای وشە لە زمانی كوردیدا -
ئامادەكردنی میتۆدی نوسین و خوێندنەوە بۆ قۆناغی باخچەی منداڵان)
م.ی. ڕێگر محمد سلیم سعید  م.عوسمان كەریم عبدالرحیم
م.ی. توانا عبدالرحمن عبدالله  د.جوانە ئەحمەد حسین .................................(٥٥)

٥-تحليل وقياس اثر الطلب السياحي والاستثمار السياحي في النمو الاقتصادي
د.يونس علي احمد -  سازان أمير رؤوف .................................(٧٥)

٦ - أثر الديون الخارجية والمساعدات الإنمائية في النمو الاقتصادي في العراق
م.م.سامان على عارف - أ.م.د.ماردين محسوم فرج .................................(١٠٥)

Poverty as a Consequence of Structural Imbalances and State-led Growth -٧
Failure in Iraq and the Kurdistan Region
پ ی د نیاز نجم الدین نوری  -  كەژی احمد صدیق .................................(١٢٩)

The Consequences of US-China Trade War on Global  Economic growth -٨
م ی رۆشنا رمزی ابراهیم .................................(١٥٧)

٩- ئاڵنگاریە كۆمەڵایەتی و كەلتووریەكانی گەشەپێدانی سیاسی لە هەرێمی كوردستان دا
.موحەمەد ڕەحمان ئەحمەد - پ.ی.د. ئەمین فەرەج شەریف .................................(١٧٥)

١٠-بەرپرسیارێتی كۆمەڵایەتیی دامەزراوەكانی ڕاگەیاندن لە هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی پەتای كۆرۆنا
پ.ی.د.بەهادین ئەحمەد محەمەد .................................(٢٠٥)

The Causes of Colonial Expansion: A Case Study of the British Colonialism -١١
د هەرێم حسن احمد بابان .................................(٢٢٩)

١٢-پاشكۆی تایبەت بە:  گۆڤاری كوردستانیی بۆ لێكۆڵینەوەی ستراتیجیی .................................(٢٤٥)

Scanned with CamScanner

# دەربڕاوە کۆمەڵاتییەکان لە تەرازووی زانستی زماندا
# (گفتوگۆ کۆمەڵایەتییەکان بە نموونە)

**د. جوانە ئەحمەد حسەین**

زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی پەروەردەی بنەرەتی/ بەشی کوردی.

**م. بێستون ئەبوبەکر عەلی**

زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی پەروەردەی بنەرەتی/ بەشی کوردی.

پوختەی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (دەربڕاوە کۆمەڵاتییەکان لە تەرازووی زانستی زماندا- گفتوگۆ کۆمەڵایەتییەکان بە نموونە)؛ هەوڵێکە بۆ شیکردنەوە و خستنەڕووی ئەو دەربڕاوانەی کە هەڵگری بیر و تێگەیشتنی تاکی کوردین و لە ژیانی ڕۆژانەماندا بە شێوەیەکی بەرچاو بەکاریاندەهێنین.

ئاشکرایە، زمانی کوردی لە نێو وشەکانیدا بیری تاک و کۆمەڵی کوردی هەڵگرتووە؛ بە ڕێزمانەکەیشی ئەدەبی زمانەکەی بەرانبەر زمانەکانی جیهان خستۆتەڕوو، لە بەرئەوەیە دەتوانین بڵێین: ڕێزمان ئەدەبی زمانە، خودی ڕێزمانیش لە زمانی کۆمەڵەوە وەردەگیرێن و ڕێکدەخرێنەوە. واتە زمان ناسنامەیە، کە دۆخی دەروونی مرۆڤ بە بەرانبەرەکەی (گوێگر) لە ڕێگەی دەربڕاوەکانییەوە دەگەیەنێت. بیرکردنەوەکانیش پارچە پارچە لەنێو وشەکاندا دەخرێنەڕوو، بەڵام پێکەوەلکاندنی بیرەکان و خوێندنەوەی بیرەکانیش پێوازۆیەکی )پرۆسەیەکی (دیکەیە، کە لە چێوەی زانستی زماندا شیکردنەوەی بۆ دەکرێت و واتاکانی دەخرێنەڕوو.

سنووری توێژینەوەکە لە چوارچێوەی ئەو گفتوگۆیانەدایە، کە لە ژیانی ڕۆژانەماندا بە زاری کرمانجی خواروو بەکاریاندەهێنین و یەکێکیشە لە بابەتە گرنگەکانی بواری زانستی زمانی کۆمەڵایەتی، ئاشکرایشە زانستی زمانی کۆمەڵایەتیش بە لقێک لە لقەکانی زانستیی زمانی کارەکی دانراوە.

وشە کلیلییەکان: دەربڕاوە کۆمەڵایەتییەکان (باوە کۆمەڵایەتییەکان)، باوە ئابورییەکان، باوە سەربازییەکان، زمان، ئاخاوتن، تابووشکاندن.

Scanned with CamScanner

پێشەکی:

١.٠ ناونیشانی توێژینەوەکە:

بریتییە لە (دەربراوەکۆمەڵایەتییەکان لە تەرازووی زانستی زماندا؛ گفتوگۆ کۆمەڵایەتییەکان بە نموونە)

ئەم توێژینەوە هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی هەندێک دەربڕاوی زمانی کە لە گفتوگۆی ڕۆژانەماندا بەکاردێن؛ لە ڕوانگەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتییەوە.

٢.٠گرنگی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە گرنگی لە ئەوەدا دەبینرێتەوە، کە هەوڵیداوە ئەو دەربراوانەی کە لە کۆمەڵدا بە کاردەهێنێت، واتای قوڵتر بزانرێت و لە چەند ناوەندێکی کۆمەڵایەتیدا دەربڕاوەکان شیبکرێنەوە. هیواداریـن لە داهاتوودا دەرگا لەسەر چەندین توێژیوتوێژینەوەی تر دەکاتەوە.

٣.٠ڕێباز و کەرەستەی توێژینەوەکە:

لە ئەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی (وەسفی، بەراوردکاری)ی بەکارهێنراوە، لە چوارچێوەی ئەو گفتوگۆ کۆمەڵایەتییانەی کە لە ژیانی ڕۆژانەماندا بەکاردێن و نموونەکانیش بە پێی زاری توێژەرانن، کە زاری کوردی ناوەڕاستە، وەرگیراون. لە هەندێک باردا بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە و تێگەیشتن لە نموونەکان پەنامان بردووتە بەر بەراوردکردنی ئەو گفتوگۆیانەی کە تاکێکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایی بەکاریدەهێنن.

٤.٠پرسیار و گرفتی توێژینەوەکە:

دەربڕاوە کۆمەڵایەتییەکان واتایان چییە؟ چۆن لە نێو کۆمەڵدا دەردەکەون؟ ئایا باوەکۆمەڵاتییەکان (دەربراوەکۆمەڵایەتییەکان) سنوری وڵات دەبڕن؟ جیاوازی نێوان باوەکۆمەڵایەتییەکان و یاسایی فەرمی چییە؟جۆری باوەکۆمەڵاتییەکان کامانەن؟ واتای دەربڕاوە کۆمەڵایەتییەکان لە زمان و ئاخاوتندا چۆن فراوان دەبن..تاد. ئەو گرفتانەی کارمان لەسەر کردووە، وشەیەك لە ناوەندی فەرمی و نافەرمی بەکارهاتوون، لێرەدا واتای قوڵی وشەکان پەراوێز بخەین، بۆ ئەوەی توێژنەوەکە سنوردار بکەین، جار جار دوو فۆرمی یەك زاراوە بەکارهاتووە بۆ زیاتر تێگەیشتن. ئەمانە لە بەردەم ئەم کارە زانستییەدا هەندێک کات گرفتنبوون، سنوردارکردنی بابەتەکە ئاسان نەبووە، چونکە زۆر فراوانە.

٥.٠ ناوەرۆکی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و ئەنجام و دوو بەش پێکهاتووە، بەشێوەیەک بەشی یەکەم؛ باس لەم تەوەرانە دەکات: تیۆری زمان و ئاخاوتن، بنەمای جیاوازی تیۆری لە نێوان زمان و ئاخاوتندا، بەشی دووەم؛ لەم تەوەرانە پێکهاتووە: چەمک و زاراوەی باوە کۆمەڵایەتییەکان، باوە کۆمەڵایەتییەکان و یاسا فەرمییەکان، پەیوەستبوونی باوە کۆمەڵایەتییەکان بە کۆمەڵەوە، باوە کۆمەڵایەتییەکان باوە ئایینییەکان، باوە کۆمەڵایەتییەکان باوە ئابوورییەکان، باوە کۆمەڵایەتییەکان باوە سەربازییەکان، باوە کۆمەڵایەتییەکان، باوە کۆمەڵایەتییەکان چاکوچۆنی، لە کۆتاییشدا لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

### ١.١ تیۆری زمان و ئاخاوتن:

ئەوەی لای شارەزایانی زمان دیارە، کە (فەردیناند دیسۆسێر) بەشێوەیەکی تیۆری (زمان و ئاخاوتن)ی لە یەکتر جیاکردۆتەوە، بەڵام بەشێوەی خاڵ خستنەسەر پیت، بە تەواوی جیای نەکردوونەتەوە. کاتێك باسی زمان دەکات دەڵێت: ((زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی نابەرجەستەیە، مرۆڤ توانای بەکارهێنانی هەیە، بەڵام دەسەڵاتی بەسەریدا نییە، واتە ناتوانێت گۆڕانکاری تێدا بکات)) (نعمان نوقره: ٢٠١٦: ٤١). لێرەوە دەبینین بە وردی باسی زمانی کردووە، مەبەستی زمان ئەو زمانەیە لە دایك و کۆمەڵەوە بۆ تاکەکانی کۆمەڵ دەگوازرێتەوە، کەسەکان دەتوانن بەکاریبهێننەوە، بەڵام ناتوانن گۆڕانکاری تێدابکەن، مەبەستی لەوەی ناتوانن گۆڕانکاری تێدابکەین ئەوەیە؛ کەسەکان بە دڵی خۆیان ناتوانن وشەی نوێ و واتای نوێ و ڕستەی نوێ لە خۆیانەوە بەکاربهێننەوە، چونکە کۆمەڵ لەو تاکانە تێناگات و ڕێگە پێدراو نییە.

سەبارەت بە ئاخاوتنیش زۆر بە وردی شیکردنەوەی خستۆتەڕوو و دەڵێت:((ئاخاوتن چالاکییەکی هۆشەکی تاکەکەسییە، مرۆڤ دەسەڵاتی بەسەریدا هەیە، بە پێی کات و شوێن دەگۆڕێت، ئاخاوتنی منداڵ و گەورە جیاوازە، ئاخاوتنی مامۆستایەك و پزیشکێك جیاوازە، هەر وەك ئاخاوتنی پزیشکێكێك و مافناسێك جیاوازە، هەموو ئەمانە ئاخاوتنن، واتە فۆڕمی جیاوازی بەکارهێنانی زمانە)) (دارا حەمید محەمەد: ٢٠١٤ :٣٩). وەك دەبینین، مەبەستی لە ئاخاوتن ناوئاخنەکەی (بیر و ئاوەز و وشەکانی) زمانی دایکە، بەڵام چۆنییەتی دەربڕین و لێکدانەوەکان و

شێوەی بەکارهێنانی زمان و ڕێکخستنی وشە و هەڵبژاردنی وشەکان لە تاکێکەکەوە بۆ تاکێك و لە پیشەیەکەوە بۆ پیشەیەکی دیکە جیاوازن و گۆڕاون، ئاخاوتن شێوەی سەردەمیانی زمانەکە دەگرێتەوە، چونکە (گوتن «Speech» لە زماندا کۆمەڵێک دەنگی واتا بەخشە، بە ڕێگەی گوزارەکانەوە دەردەبڕێت و تایبەتە بە مرۆڤ، واتە ئاخاوتن بوونی دەرەکیانەی واتایە) (ئارام قادر: ٢٠١٠: ٣٦). لێرەوە ئەم دووانە زمانییە وەك تیۆرییەك بە کاردەهێنینەوە بۆ شیکردنەوە و واتاپێدان بە دەربڕدراوەکانی زمانی کوردی کە لە گفتوگۆ کۆمەڵاتییەکاندا دووبارە بە کاردەهێنرێنەوە.

ئاشکرایە((هیچ کات و سەردەمێك نەبووە، کە کۆمەڵگایەك تێیدا هیچ زمانێکی قسەکردنی بۆ خزمەتکردنی خۆی نەبوبێت و لە خزمەتی خۆیدا بەکاری نەبردێت)) (محەمەدی مەحویی: ٢٠٠١: ٢٢). بەڵام (( زمان و ئاخاوتن، لای (فەردیناند دیسۆسێر) جیاکراونەتەوە، جیاکردنەوەکەیشی لێرەدا هەوڵدەدرێت فراوانبکرێت و وەك تیۆرێك لەم توێژینەوەدا بەکاربهێنرێتەوە. هاوکات ((یەکێک لە پرەنسیپە بنچینەکانی زانستی زمانی نوێباو ئەوەیە، کە زمانی ئاخاوتن بۆ ئەم قوتابخانەیە بەر لە زمانی نووسین هاتۆتەکایەوە و بەگوێرەی هەڵسەنگاندنەکەی زمانی قسەکردن لە پێش نووسیندا بووە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت زانستی زمانی نوێباو سەیری «زمان» و «زمانی ئاخاوتن» وەک یەک دەکات و وەکیەکیان دادەنێت)) (هەمان سەرچاوەی پێشوو: ٢١٢٢). وەک دەبینین لەم تیورەدا (زمان و ئاخاوتن) بە جیا دانراون.

زمان ناوێکە، بیری هەموو ئاخێوەرانی لەنێو خۆیدا هەڵگرتووە، دەماودەمی پێدەکرێت، بە دیوێکی دیکەدا، زمانی تایبەتی (وەک کوردی) لەنێو مێشك و دڵی هەموو قسەکەرانیدا وەك سیستەمێك جێگیربووە، ئاخاوتنیش (ئاخاوتنی کوردیش) لقێکە لەزمان و تاکەکانی میللەتەکە هەرکەسێکیان بە شێوازی خۆیان بەکاریدەهێنن و

پێوەندیی و پەیوەستبوونیان پێکەوە هەیە، لەبەر ئەوە زمان و ئاخاوتن خاوەنی واتان و پێکەوە بەرهەمهێنەر
واتان. مەبەستمان ئەوەیە کە یەکەم جار لە زماندا وشەیەك دادەهێنرێت و دواتر لە ئاخاوتندا واتای ئەو وشە
زیاترکراوە، بە ئەم شێوەیە دەتوانین بڵێن: هەردوکیان خاوەنی واتان بۆ شتەکانی دەوروبەرمان و بەرهەمهێنەر
واتای نوێتریشن، بەم شێوەیەش لە زماندا واتای جۆراوجۆر کەوتوتەوە، زانستی زمانیش هەرجارە و لە رێگ
تیۆرێکەوە لە جۆرێك لەو واتانە دەکۆڵێتەوە، لێرەدا لە واتای زمانی و واتای ئاخاوتنی زمانی کورد خراوەتەر
(فەردیناند دیسۆسێر) کاتێك هەردوو زاراوەی زانستی زمانی «زمان» و زانستی زمانی «ئاخاوتن» باسدەکا
دەڵێت:(کاتێك زمانەوانی دەخەینە بواری توێژینەوەی هەمەکی ئاخاوتن، لێرەدا وا دیارە ئیشکمان خستۆتە سەر
هەموو زانستی زمان و هەموو توخمەکانی ئاخاوتنیش پێکدەهێنن) (فەردیناند دیسۆسێر:٢٠١٤:٦٠). لێرەو
شیکردنەوەی بۆ هەردوو زاراوەکە کردووە، هەردووکیانیشی زۆر بە گرنگییەوە باسکردووە، دواتر بە نموونەیەك
ئەم بیروڕایەی زیاتر

خستۆتەڕوو و دەڵێت: (کاتێك گریمانەی ئەوە دەکەین، بەرهەمهێنانی دەنگەکان بۆ ئاخاوتن زۆر پێویستە
چونکە ئەو ئەندامانەی دەنگەکان دروستدەکەن، بە شتێکی دەرەکی زمان ئەژمار دەکرێن) (هەمان سەرچاوەی
پێشوو:٦٠)، لێرەدا باسی دەرەوەی زمان و ناوەوەی زمانی کردووە، بەڵام خودی زمان خاوەنی ناوەوە و دەرەوەیە
و هەردوولایشی زۆر گرنگن، بۆ ڕوونکردنەوەی ناوەوە و دەرەوەی زمان دەتوانیین بڵێین: زمان وەك کێبڵی
کارەبایەك وایە کە کارەبا دەگوازێتەوە، یان زمان لە سەمفۆنیایەك ((هاو ئاهەنگی لە دەنگدایە))(https://www.etymonline.com/search?q=Symphony) دەچێت، وەك ئەوەی نوێنەرایەتی ئەو شتانە (کانزاکان، پارچەکانی...)
بکات، کە سەمفۆنیاکە نوێنەرایەتی دەکات، (فەردیناند دیسۆسێر:٢٠١٤: ٦٠٦٤).

دووانەی زمان و ئاخاوتن دووانەیەکی گرنگن، ((لێکۆڵینەوە لە ئاخاوتنیش، بەشە سەرەکییەکەی زمان بەبابەتی
خۆی دەزانێت کە بابەتی کۆمەڵایەتییە، جیایە لە بونیادی تاك لە ڕووی دەروونیەوە -کە ئاخاوتنە)) (فەردیناند
دیسۆسێر: (٢٠١٤: ٦١). کەواتە لێرەوە دەتوانین زۆر بە ئاسانی لە بیری ئەم زانایەی زانستی زمان تێبگەین،
کە زمان و ئاخاوتن ناتوانرێت بە بە بێ یەکتری کاربکەن، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت دوو شتی جیاوازن، بەڵام
پێکەوە بە بەرهەمی زمان گەشە پێدەدەن و زمانی دیاریکراو دەخەنەڕوو، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە (فەردیناند
دیسۆسێر دەڵێت:(٢٠١٤ :٦٣٦٤):

ا. ١+ ١ + ١ + ١+...١ =١ واتە کوڕێکی کورد + کچ + پیاو + ژنی کورد = زمانی«مرۆڤی» کوردی

ب. /١ +/١ +/١/١ +/١/١/١ +...// =١ فەرهاد + شیرین + نیلا+ گوڵبەهار= ئاخاوتنی زمانی کوردی

داشێك(/) نوێنەرایەتی شێوەی ئاخاوتنی تاکێک کردووە و پێکەوەیش هەموویان شێوەکانی ئاخاوتنی زمان
کوردی (منداڵ، کوڕ، کچ، ژن، پیاو، بەتەمەن تاد، پێکهێناوە، شێوەکانی ئاخاوتنیش بە پێی گۆڕانی توخم و بۆنە
کۆمەڵاتییەکان گۆڕاون.

لێرەوە بە ئەو ئەنجامە گەیشتین، (فەردیناند دیسۆسێر) بڕوای بە جیاکردنەوەی ئەم دووبارەی زمان لە
یەکتری هەبووە، لەم توێژینەوەیشدا هەوڵدراوە، لەم دووانەیە لەچوارچێوەی دەربڕاوە کۆمەڵایەتییەکاندا
شیکردنەوەکانی بخرێنەڕوو. فەردیناند دیسۆسێر دەڵێت: ((ئێمە بە جیاکردنەوەی زمان و وئاخاوتن» ئەو شتەی
کۆمەڵایەتییە، لەو شتەی تاکەسییە، ئەو شتەی بنەڕەتییە، لەو شتەی لاوەکی و ڕێکەوتە جیابک...

کالر:٢٠١٦:٤٥)، لێرەدا مەبەستی ئەوەیە بڵێت: زمان کۆمەڵایەتییە و لە کۆمەڵدا بەکارهاتووە، ئاخاوتنیش تاکەکەسییە و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازی هەیە، هاوکات زمانی بە بنەڕەتر داناوە و ئاخاوتنی بە شێوەیەك لە شێوەکان لە دوای دروستبوونی زمانەوە دەوری گێراوە و دروستبووە. لێرەوە دەتوانین بنەماکانی تیۆرەکەی (فەردیناند دیسۆسێر) لەسەر (زمان و ئاخاوتن) بە شێوەی خاڵ لە خوارەوە بخەینەڕوو.

١.٢ بنەمای جیاوازی تیۆریی لەنێوان زمان و ئاخاوتندا:

وەک لە سەرەوە خرایەڕوو، زمان و ئاخاوتن وەك دوو ڕووی یەك دراو دەرکەوتوون، بەڵام کاتێك بە شیکردنەوە ئەوە دەخەینەڕوو، دیوێك لە دیوەکەی تری ڕۆڵی لە فراوانبوونی واتادا زیاترە، چونکە (ئاخاوتن هەڵبژاردنێکی ئاگامەندانە و سیستەمێکی تاکیی و سەربەخۆیە لە نەریتە بونیادنەرەکانی زمان، چونکە زمان گرێبەستێکی کۆمەڵایەتییە، کە لەنێویدا زمان سیستەمێکی زمانەوانی هاوگونجاون، بەڵام گوتن ئاکتێکی (کردەیەکی) ئازادانەی تاکی «ئاخێوەرە» لەگەڵ ئەوانی دیکە، کە دەشێت سیستەمێکی تایبەت بە هێما و دەربڕە هزرەکانی بە خۆی دابنێت، بەم جۆرە زمان سیستەمێکی بێ ئاکتە و ئاخاوتنیش سیستەمێکی ئاکتییە). (سەعید الغانمی (١٩٨٩: ١٥)، وەک خرایەڕوو زمان و ئاخاوتن جیاوازن، بۆئەوەی بە باشی لە جیاوازی ئەم دوو چەمکەش تێبگەین، بە خاڵ دیاریدەکەین، ئەم بنەمایەیش وەك تیۆرییەکی بەهێز وایە، کە دەتوانین دەربڕاوی هەموو زمانێکی بە شێوەیەکی زانستی پێی بپشکنین، لە خوارەوە بە شێوەی خشتە دەیخەینەڕوو:

**خشتەی (١) جیاکردنەوەی زمان و ئاخاوتن**

| زمان | ئاخاوتن |
|---|---|
| زمان گشتییە و سەرەکییە و بنەمایە. | ئاخاوتن تاکە کەسییە. |
| زمان کۆمەڵایەتییە، بنەڕەتییە. | پێوەندی بە کەسەوە هەیە و لاوەکییە. |
| زمان پێوەندیی نێوان هێماکان دەگرنەوە. | ئاخاوتن پێوەندی بەکەسەکە و باری دەروونییەوە هەیە. |
| فۆنۆلۆجی تایبەتە بە زمان، فۆنەتیک دەرەوەی زمانە. | هەر کەسێک تایبەتمەندی دەنگی تایبەت بەخۆی هەیە. |
| یەکە زمانییەکان لە سیستەمی زمانیدا خاوەن بەهان. | ئاخاوتنیش لەنێو سیستەمی زماندا کاردەکات. |
| کۆمەڵ دەسەڵاتی بەسەریدا هەیە. | گۆکردنی تاکە کەسە و تاک دەسەڵاتی بەسەریدا هەیە. |
| زمانی کوردی، زمانێکی تایبەتە، میللەتی کورد قسەی پێدەکەن. | بۆ نموونە یەک کەس کە لەنێو میللەتی کورددا دەژی/ ژیاوە، یان (چالاکی تاکە کەسە). |
| فەرهەنگیین. | بەپێی کات و شوێن خستنەڕوو و فراوانکردنی، واتای فەرهەنگییە. |
| لە پەندی پێشینان و دەربڕاوە چەسپاوەکاندا و ئیدیۆمیشدا تۆمارکراون. | شیکردنەوەی پەند و ئیدیۆمە، بە پێی ئەو سەردەمەی تێدا شیدەکرێتەوە. |
| خاوەنەکەی نادیارە و نازانرێت کێ یەکەم کەس ناوی شتەکانی ناوە/ پێداوە. | خاوەنی هەموو ئاخێوەرێک بە ئاشکرا دیارە. |
| زمان زۆربەی کات ناوە و ناونانە. | ئاخاوتن بەکارهێنانی ناوە لە کاتی گفتوگۆکردندا. |
| زمان واتای کۆنی تێدایە و زۆربەی کات بێ کردەیە، (بێئاکتە). | ئاخاوتن واتای سەردەمیانەی تێدایە، کردەییە،(ئاکتییە). |

وەك لە خشتەی ژمارە (١) دا خرایەڕوو تێڕوانینی زانایان لەسەر زمان و ئاخاوتن جیاوازە، لێرەوە ئەم جیاوازی
و بنەمایانە وەك تیۆرێك بەکاریدەهێنین، زمان تێڕوانینی گشتی کۆمەڵگە دەگرێتەوە. زمان وشەی زۆرە ئەمەیش
وایکردووە، ئەوانەی ئاخێوەری زمانەکەن لە هەموو و وشەکان تێناگەن، واتە مەرج نییە شیکردنەوەی ورد
قوڵیان بۆ هەموو وشەکانی زمان هەبێت، بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی ئەوان سود لە زمان دەبینن و بە
کاریدەهێنن. بەڵکو زۆر کات ڕوونکردنەوەی وشەکان ئەرکی ئەوانەیە کە لەناو زانستی زماندا زیاتر کاردەکەن
ئەگەر چی هەندێک لە ئاخێوەرانیش دید و تێڕوانینی خۆیان بۆ دەربڕینەکان هەیە، لێرەوە بە پێویست
زانراوە ڕوونکردنەوە و جیاوازی و بەراوردیش لەنێوان وشەکاندا بکەین، هەوڵدەدەین بە پێی تیۆری زانستی
زمان شیکردنەوە و خستنەڕوو، بۆ هەندێك دەربڕاوی زمانی کوردی بکەین، لێرەوە ڕۆڵی ئاخاوتنی تاك
تێگەیشتنی تاکی لەبەرچاو گیراوە، لە ئەم توێژینەوەیەدا دەربڕاوە زمانییەکان لە ڕوانگەی ئاخێوەری تاکەوە
بە وردی لە ڕستەکاندا دەپشکنین و واتای وردتر و زانستی دەخەینە پێش چاو، ئاخاوتن لە سیستێمی هێماکاند
«زمان و زبان» شیکردنەوەی زیاتری بۆ دەکەین، تاکەکەس وەك چۆن دەسەڵاتی بەسەر زمانی خۆیدا هەیە، بە
هەمان شێوەیش تێگەیشتنی تاکگەرایی (کەسی و کەسایەتی) بەرانبەر دەربڕاوەکانی زماندا هەیە، بەپێی ئە
تیۆرەیش لە ئاخاوتندا هەندێك لە دەربڕاوەکانی زمان شیکردنەوەی واتاییان بۆ دەکرێن.

١.٣ توخمەکانی ئاخاوتن لە زماندا

توخەکانی ئاخاوتن زیاتر مەبەستی لە ئەوەیە، ئاخاوتن زۆربەی کات بە تەنیا بە یەك کەس ناکرێت
بەڵکو وەك زانای زانستی زمان (فێرس) دەڵێت: ( لە قسەکردندا بەرانبەرێکمان هەیە، کە ئەبێت بە شێوازێکی
تایبەتی لەگەڵیدا بدوێین، واتە دەبێت لەگەڵیدا بگونجێن) ( بەکر عومەر و شێرکۆ حەمە ئەمین: ٢٠٠٦: ٣٥). بۆ
شیکردنەوەیەی توخمەکانی ئاخاوتن بە ئەم شێوەیە دابەشکراوە(بەکر عومەر و شێرکۆ حەمە ئەمین: ٢٠٠٦: ٣٥):

١. توخمی مرۆیی، لێرەدا مەبەست ئاخێوەر و گوێگرە.
٢. بابەت، واتە بابەتێکی گفتوگۆی سەرەکی لە نێوان قسەکەر و گوێگردا دیاریکراوە و هەیە.
٣. ئامانج، ئامانج لە گفتوگۆکە ئەوەیە هەردوولا لە یەکتری بگەن و ڕەزامەندی بۆ یەکتری دروستبکەن.

وەك خرایەڕوو، ئاخاوتنیش توخم و پرۆسەیەکی گرنگی کۆمەڵایەتییە و پێویستی بە توخم و بابەت و ئامانجێك
هەیە، ئەوکات ئاخاوتن وەك پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی دەناسرێتەوە. ئاخاوتن گرێدەر و کۆکەرەوەی خەڵکییە لە
دەوری یەکتری و دەشتوانرێت بۆ پەرتەوازوی بەکاربهێنرێتەوە، بەڵام لە کاتی دروستبوونی کۆمەڵدا، ئاخاوتن
ئەرکی یەکەمی کۆکەرەوەی خەڵکییە لە شوێنکدا بە هۆی لێکترگەیشتن و نزیکی زمان و نەتەوە و ...تاد.
وشەکانیش کە لە ئاخاوتندا بەکاردێن، هەر وشەیەك دەبێتە باوێکی کۆمەڵایەتی و مەبەست لە باویش ئەوەیە،
کە زۆربەی قسەپێکەری ئەو زمانە ئەو وشەیان بیستووە و تێگەشتنێکیان بۆ واتای ئەو وشەیە هەیە، ئەو کات
ئەم وشەیە وەك دەربڕاوێکی کۆمەڵایەتی لە زماندا ناودەبرێت.

ئاخاوتن بە شێوەکی گشتی چەند جۆرێکی هەیە، ئاخاوتن فەرمی و ئاخاوتنی نافەرمی، ئاخاوتنی نافەرمی
لە بۆنە پیشەیی و کۆمەڵایەتییەکان زیاتر بەکاردێت و ئاخاوتنی فەرمییش لە ناوەند یەحکومی و فەرمییەکاندا
بەکاردێت ( بەکر عومەر و شێرکۆ حەمە ئەمین: ٢٠٠٦: ٥٣)، لە ئەم توێژنەوەدا هەردوو جۆرە ئاخاوتنەکی
فەرمی و نافەرمی، بە پێی پێویستی نمونە دەهێرێتەوە و شی دەکرێن

٢.١چەمک و زاراوەی باوە کۆمەڵایەتییەکان (دەربڕاوەکۆمەڵایەتییەکان):

زمان هاوشانی کۆمەڵ دەڕوات و بەشێوەیەکی دانەبڕاو لە یەکتری کارلێکدەکەن. چۆن ژیان لە گۆڕاندایە زمانیش کە کلیلی گۆڕانکاری و زانینەکانە؛ گۆڕانی بەسەردادێت و شتی نوێ دێنێتەکایەوە، بۆیە زاراوەی باوە کۆمەڵایەتییەکانیش لەم چەند ساڵەی دواییەدا هاتۆتەکایە و کۆمەڵێک گۆزانیاری لە خۆگرتووە، لە ئەم توێژینەوەیەدا باوەکۆمەڵاتییەکان و دەربڕاوەکۆمەڵایەتیەکان وەك هاوواتا بەکارهێنراون.

وشەی (باو) لەسەرچاوە زانستییەکاندا بە هاوبێژ دانراوە، هاوبێژیش بریتییە لە ئەوەی کە ((وشە هەن بە خوێندنەوە و بە نووسین وەک یەکن، بەڵام واتایان جیاوازە.

وەک: باو: دەستوور، فیسار شت بووە بە باو. باو: باوک. باو: زیادەی شتێک بەسەر شتێکدا)) (شەهاب شێخ تەیب تاهیر: ٢٠١٢: ١٩٠). وەک دەبینین واتای وشەی باو فراوانە، بەڵام لێرەوە وەک زاراوە لەتەک کۆمەڵدا بەکارهێنراون، زاراوەی باوە کۆمەڵایەتییەکان پێکهاتوون.

چەمکی باوە کۆمەڵاتییەکان لە ئەم توێژیەوەدا کەلتوریش دەگرێتەوە، چونکە(گواستنەوەی کەلتور لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر لە ڕێگەی زمانەوەیە، واتە زمان ئامرازێکی ئامادەکراوی ئەوەی نوێیە بۆ وەرگرتنی ڕەوشتی کۆمەڵایەتی و منداڵ دەکاتە بونەوەرێکی پێگەیشتوو «کامڵ» و ئامادەکراو بۆ ئەوەی بەشداربێت لە کۆمەڵگادا و بچێتە ناوییەوە) (بەهار زاهیر محمد: ٢٠٠٩: ١٣-١٤). واتە((زمان ڕەنگدەرەوەی کەلتوری ئەو خەڵکەیە کە قسەی پێدەکەن، نوێنەری شوناسی ئەوانە و دونیای ئەوان ڕاڤەدەکات)) (زوبێر عەلی عارف (١٥:٢٠١٢) ئەویش لە گیدنیز (٢٠٠٤: ٢٠٦) وەریگرتووە)، یان کەلتور (چێوەیەکە، کە ئایین، هونەر، یاسا، ئاکار، خونەریت، کە تاکێکی کۆمەڵ لە کۆمەڵەوە بەدەستیهێناوە، دەگرێتەوە). (شاخەوان جەلال فەرەج (٢١:٢٠١١).

ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت، هەموو باوە کۆمەڵاتییەکان بریتین لە ئەو بابەتانەی کە کۆمەڵ بڕیاریان لەسەر داون بە(شیاو/ نەشیاو)ەوە و تارادەیەکی باش سنووری بەکارهێنانی جێگیرکردوون و تاکەکانیش پابەندییان پێوەوە هەیە، پسپۆرانی ئەم بوارەیش بە شێوەیەکی گشتی چەند ئاستێکیان دیاریکردووە: (شاخەوان جەلال فەرەج:٢١:٢٠١١).

١. ئاستی بەرجەستەیی(بەردەست): وەك (هونەری نووسین، جلوبەرگ پۆشین، بیناسازی، ئاوەدانکردنەوە، شێوەی ڕوخسار و خۆڕازاندنەوە، خواردن و خواردنەوە...تاد).

٢. ئاستی نابەرجەستەیی (بەرهەست) وەك ( بەها کۆمەڵایەتییەکان، ئاکار، یاساکان...تاد) دەگرێتەوە.

پەیوەست بە ئەم توێژینەوەیە، دەتوانین ئەمانەیش بۆ خاڵی دووەم زیادبکەین، (هونەری نووسین و ئاخاوتن، خوونەریت و ڕەوشت، باوی کۆمەڵایەتی وەك ( ناونان، سەردانیکردن، خۆبەختکردن..تاد) و باوی ئایینی وەك جەژن، قوربانیکردن، نوێژکردن، ڕۆژووگرتن.. تاد، بگرنەوە.

لێرەوە دەتوانرێت بگوترێت: باوە کۆمەڵایەتییەکان هەموو ئەو زانیارییانەیە، کە تاکێك لە تەك زمانی دایکیدا وەریگرتووە و بەپێی تەمەن فراوانتربووە/ دەبێت، هەڵسوکەوتی ئەم تاکەیش بۆ ئەوەی لە ئەم کۆمەڵەدا هەڵبکات، پەیوەستە بە ئەو کۆمەڵەوە، پەیوەستبوونی تاك بە کۆمەڵەوە باوە کۆمەڵاتییەکانی دروستکردووە.

هەرچەندە لە هەندێک لە توێژینەوە زانستییەکاندا زاراوەی «یاسا»، لە بری « باو»، بەکارهاتووە؛ بۆیە لەم



Scanned with CamScanner

توێژینەوەیەدا ئەوە بە پێویست دەزانین چەند سەرنجێک لەوبارەیەوە بخەینەڕوو. لە زمانی کوردیدا نامەیەک ماستەری تایبەت و گرنگ لەسەر (زمان و یاساکۆمەڵایەتییەکان) ((بەهار زاهیر:٢٠٠٩) نووسراوە، لێرەدا تەن[illegible] سەرنجمان لەسەر زاراوەی (یاسایە) نەک ناوەڕۆکی زانستی ئەم نامەیەکە.

لە ناو ژیانی کۆمەڵایەتییدا هەرێمی کوردستان و دنیایش بە گشتی، چەند جۆرێک یاسامان هەیە، یاسای[illegible] پەیوەست بە دادگاوە و یاسایەک«باوێک» پەیوەست بە کۆمەڵەوە، وەک دەگوترێت و دەنووسرێت ((یاسا: کۆمەڵ[illegible] ڕێسایەکە، کە ڕەفتاری تاکەکان ڕێکدەخات لەکۆمەڵدا و دەوڵەت دەیسەپێنێت بەسەریدا دەبێت پابەندبین)) عبدالباقی البکری،زهیر بشیر:٢٠١٧:٩)، لێرەدا دەبینین یاساکان لەبەرئەوە دانراون، هەتاوەکو تاکەکانی کۆمەڵ[illegible] پێوەیپابەندبن، بۆ ئەوەی توشی گیروگرفت نەبنەوە، لادان لەهەر یاسایاک لە ئەم یاسایانە، دەبێتە هۆی سزادانی کەسی سەرپێچیکەر، سزاکان جۆراوجۆرن و خۆیان دەبیننەوە لە سزای(مادی، جەستەی )، جۆری سزاکانیش نەکەوێتەوە سەر ئەو تاوانەی کە کەسانی سەرپێچیکەر ئەنجامیانداون، هەر تاوانە و سزای (مادی، جەستەی) تایبەت بە خۆیان هەیە. بۆ زیاتر تێگەیشتن با لە نموونەیە وردبینەوە:

(١) کاتێک ئۆتۆمبێلێک لێدەخوڕین، ئەو شەقامەی کە لەسەری دەڕۆین نووسراوە(٦٠) بڕۆ، بەڵام ئێمە(٨٠) لێدەخوڕین، کە ئەمەش سەرپێچی یاسای هاتووچۆیە، بەڵام زۆرجار ڕاستەوخۆ لەو شوێنەدا سزا داراییەکە نادەن، بەڵکو دەبێت بچنە فەرمانگەی تایبەت بە(هاتووچۆ) سزا داراییەکە بدەن، هەشتا هەزار دینار وەک کاردانەوەی ئەو خێرایە لێوەردەگیرێت، واتە سنوور و شوێن و شوێنی وەرگرتنی سزا و بڕی سزاکەیش دیاریکراوە.

١.١. سنور: شەقام.

ب. شوێن وەرگرتنی سزا: بەڕێوبەرایەتیی هاتووچۆ.

پ. بڕی سزا: ٨٠ هەزار.

ت. هۆکاری سزا: کەسەکە لە ڕادەی دیاریکراوی خێرایی دەرچووە، لە یاسای فەرمی لایداوە.

وەک دەبینین(١.١ -ت)دا خرایەڕوو، لە بواری یاسادا هەموو شتەکان ڕوونکراوەتەوە و مامەڵەی تاکەکەسی لە تەک کەسەکاندا کراوە، پەشیمانبوونەوە لە سنوور شکاندنەکە بەهای نییە، وەک دەڵێن: چاوی یاسا نابینایە، چونکە مامەڵەی یاسا لە تەک دەقە نووسراوە یاساکاندا مامەڵەی کردووە، دەقیش زۆرجار لە ڕابردوودا دانراوە، مەرج نییە هەموو بابەتێکی ڕابردوو، بۆ ئێستا بە تەواوی گونجاوبن و پڕاوپڕ ئامانجەکەی بەدیبهێنین، چونکە نازانێت کەسەکە بۆ چی خێرای لێخوڕیوە، ئایا نەخۆشی پێبووە، بۆنەیەکی خۆشیبووە، ئۆتۆمبێلەکە بەدەستی خۆیەوە بووە..تاد، ئەمانە باوە کۆمەڵایەتیەکانن، بەڵام لە یاسادا پشتگوێخراون، لێرەوە دەتوانرێت بگوترێت: بنەماکانیش بریتیە لە:(سنور، شوێن، بڕ، هۆ.. تاد)، ئەو بنەمایانەن کە چێوەی کردارەکەی دیاریکردوون و سزای بەپێی ئەو چوار بنەمایە دراون. واتای زمانی سنووردارە و دیاریکراوە و یاسا ڕێککەوتنی لەسەر کراوە، لەلایەن چینێکی دیاریکراوی فەرمییەوە. بۆیە لە ئەنجامی ئەم نموونەیەدا دەگەینە ئەوەی بڵێین ناتوانین وشەی (یاسا) بۆ پێوەندییەکانی نێو(کۆمەڵ) بەکاربهێنین، بۆیە ئێمە لەئەم توێژینەوەیەدا وشەی یاسامان زۆر پێ وردنییە، چونکە (یاسا) لەلایەن چینێکی دیاریکراوەوە قۆرخکراون، کەناوەندێکی فەرمییان هەیە[illegible] دابەشکراون، لەئەم توێژینەوەیەدا لەبری (یاساکۆمەڵایەتییەکان) وشە[illegible] کەفراوانترە و وردترە لە یاسا[illegible]

Scanned with CamScanner


ئەکرێت سنوورەکەی زۆر فراوانتربکرێن.

باوە کۆمەڵایەتییەکانیش، کە لای زۆرێک لە توێژەرانی زمانەوە بە (یاسا کۆمەڵایەتییەکان) ناونراوە و بەڵام گونجاوترە/ باشترە بڵێین: باوە کۆمەڵایەتییەکان. لێرەوە باوە کۆمەڵایەتییەکان: بریتییە لە کۆمەڵێک دەربڕاوی زمانی، کە خەڵکی لەسەری ڕێککەوتوون و پێوەی پابەندن، بۆ ئەوەی ژیانی کۆمەڵایەتییان پێ ڕێکبخەن.

ئەم باوەکۆمەڵایەتییانە لەلایەن کەسێکی دیاریکراوەوە فێرنەکراوین، بەڵکو لە کۆمەڵدا و لەناوەندەکانی:(خێزان، بۆنە کۆمەڵایەتییەکان، هاوپیشە، ماڵ، بازاڕ،...تاد) بەکاردەهێنرێنەوە، گومان لەوەشدا نییە ئەم ناوەندانە خەڵکی تێیدا بەشدارن و ئەو باوە کۆمەڵایەتیانە لە ئەو ڕێگەیەوە بۆ تاکەکانی نێو کۆمەڵ گوازراونەتەوە.

زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵ پابەندن بە ئەم باوە کۆمەڵایەتییانەوە، چونکە پەیڕەوکردنی ئەم باوانە دەبێتە هۆی گونجاندنی کۆمەڵایەتیی، بەڵام کاتێک لە ئەم باوانە لادەن، توشی سزای یاسایی نابینەوە، بەڵکو توشی سزای کۆمەڵایەتیی و دەروونی دەبینەوە، وەک:(بەرانبەرەکان ڕێز ناگرن، کەسەکە ڕووی خۆش نابێت، گەرم و گوڕ نابێت، هەڵسوکەوتی باش نابێت...تاد). هەر لەم ڕوانگەیەوە توێژەرێکی زانستی زمان دەڵێت ((ئەگەر کەسێک لە کاتی قسەکردندا یاسا کۆمەڵایەتیی و زمانییەکانی جێبەجێنەکرد، قسەکانی وەکو کەسێکی ئاسایی مامەڵەی لەگەڵدا ناکرێت و توشی سزای کۆمەڵ دەبێتەوە، سزاکانیش بەپێی جێبەجێنەکردنی یاساکان پلەیان هەیە)).(بەهار زاهیر:٢٠٠٩:٧٧). واتە سزای باوە کۆمەڵایەتییەکان زۆربەی کات بۆ کردارە ئاساییەکانیش سزای کۆمەڵایەتی دەدرێن.

بۆیە لێرەوە بە ئەو ئەنجامە دەگەین؛ کە باوەکۆمەڵاتییەکان فراوانترن لە یاسای فەرمی و زاراوەی باوەکۆمەڵاتییەکان لە یاساکۆمەڵاتییەکان گونجاوترن، مەودای بەکارهێنانی باوە کۆمەڵاتییەکان لە یاسای فەرمی فراوانترن، باوەکۆمەڵاتییەکان سنووری وڵاتان بە ئاسانی بڕیوە و لە ژیانی ئاسایی ڕۆژانەماندا بەشێوەیەکی بەرچاو بەکاردەهێنرێن، بە مەبەستی ڕێکخستن و گونجاندنی ژیانی تاکەکان لە نێو کۆمەڵدا.





هێڵکاری (١): دروستبوونی دەربڕاوەکۆمەڵاتییەکان و جۆرەکانی پەیوەست بەزمانی کوردییەوە

نەکرێت سنوورەکەی زۆر فراوانتربکرێن.

باوە کۆمەڵایەتییەکانیش، کە لای زۆرێک لە توێژەرانی زمانەوە بە (یاسا کۆمەڵایەتییەکان) ناونراوە و بەڵام
گونجاوترە/ باشترە بڵێین: باوە کۆمەڵایەتییەکان. لێرەوە باوە کۆمەڵایەتییەکان: بریتییە لە کۆمەڵێک دەربڕاوی
زمانی، کە خەڵکی لەسەری ڕێککەوتوون و پێوەی پابەندن، بۆ ئەوەی ژیانی کۆمەڵایەتییان پێ ڕێکبخەن.
ئەم باوەکۆمەڵایەتییانە لەلایەن کەسێکی دیاریکراوەوە فێرنەکراوین، بەڵکو لە کۆمەڵدا و لەناوەندەکانی:(خێزان،
بۆنە کۆمەڵایەتییەکان، هاوپیشە، ماڵ، بازاڕ،...تاد) بەکاردەهێنرێنەوە، گومان لەوەشدا نییە ئەم ناوەندانە خەڵکی
تێیدا بەشدارن و ئەو باوە کۆمەڵایەتیانە لە ئەو ڕێگەیەوە بۆ تاکەکانی نێو کۆمەڵ گوازراونەتەوە.
زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵ پابەندن بە ئەم باوە کۆمەڵایەتییانەوە، چونکە پەیڕەوکردنی ئەم باوانە دەبێتە
هۆی گونجاندنی کۆمەڵایەتیی، بەڵام کاتێک لە ئەم باوانە لابدەن، توشی سزای یاسایی نابینەوە، بەڵکو توشی
سزای کۆمەڵایەتیی و دەروونی دەبینەوە، وەک:(بەرانبەرەکان ڕێز ناگرن، کەسەکە ڕووی خۆش نابێت، گەرم و
گوڕ نابێت، هەڵسوکەوتی باش نابێت...تاد). هەر لەم ڕوانگەیەوە توێژەرێکی زانستی زمان دەڵێت ((ئەگەر
کەسێک لە کاتی قسەکردندا یاسا کۆمەڵایەتیی و زمانییەکانی جێبەجێنەکرد، قسەکانی وەکو کەسێکی ئاسایی
مامەڵەی لەگەڵدا ناکرێت و توشی سزای کۆمەڵ دەبێتەوە، سزاکانیش بەپێی جێبەجێنەکردنی یاساکان پلەیان
هەیە)).(بەهار زاهیر:٢٠٠٩:٧٧). واتە سزای باوە کۆمەڵایەتییەکان زۆربەی کات بۆ کردارە ئاساییەکانیش سزای
کۆمەڵایەتی دەدرێن.

بۆیە لێرەوە بە ئەو ئەنجامە دەگەین؛ کە باوەکۆمەڵاتییەکان فراوانترن لە یاسای فەرمی و زاراوەی
باوەکۆمەڵاتییەکان لە یاساکۆمەڵاتییەکان گونجاوترن، مەودای بەکارهێنانی باوە کۆمەڵاتییەکان لە یاسای فەرمی
فراوانترن، باوەکۆمەڵاتییەکان سنووری وڵاتان بە ئاسانی بڕیوە و لە ژیانی ئاسایی ڕۆژانەماندا بەشێوەیەکی
بەرچاو بەکاردەهێنرێن، بە مەبەستی ڕێکخستن و گونجاندنی ژیانی تاکەکان لە نێو کۆمەڵدا.




Scanned with CamScanner

وەك لە هێڵکاریی ژمارە (١) دا، خراوەتەڕوو، دوای ئەوەی خێزانەکان فراوانتربوون و بوون بە کۆمەڵێکی گەورەتر و لە چەندین خێزان پێکهاتوون، زمانی هاوبەشی ئەو کۆمەڵەیش بە (زمانی دایکی) ناوبراوە و زمانی دایکیش هەموو باوە کۆمەڵایەتییەکانی تێدایە، لەنێو باوە کۆمەڵاتییەکانیشدا جۆری تێدایە، بۆ نموونە باوی ئابوری، سەربازی، کۆمەڵایەتی و باوی ئایینی...تاد، هەیە، لێرەوە ئەم هێڵکارییەیش وەك وەچە تیۆریەك بەکاردەهێنین بۆئەوەی هەندێک لە باوە کۆمەڵایەتییەکان لە زمانی کوردیدا بخەینەڕوو.

٢.٢.١ باوە کۆمەڵەیەتییەکان - ئایینی (ئیسلام)

لە مزگەوتدا باوە کۆمەڵایەتییە ئایینییەکان چالاکن، چونکە لە سنووری یەک کۆمەڵی دیاریکراودا نامێنێتەوە و چەندین کۆمەڵی جیاواز دەبڕێت، بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەک بەریتانیادا کە چەندین کۆمەڵی جیاوازی تێدایە، بەڵام تاکی هەر یەک لەو کۆمەڵە جیاوازانە هەمان باوە کۆمەڵایەتییە ئایینییەکە بەکاردێنن، کاتێک هەر تاکێکیان سەردانی مزگەوت دەکات:

٢. گفتوگۆ لەنێو مزگەوت

ا. سەلام و عەلەیک

ب. عەلەیکم و سەلام، وە ڕەحمەتوڵلا وە بەرەکاتەهوو.

وەک لە ئەم نموونەیەدا دەبینین گفتوگۆی هەر تاکێکیان کە لە کۆمەڵی جیاوازن؛ یەک باوە. ئەم باوەش بەهۆی ئایینەوە خۆی لە ناو ڕەگی دەروونی هەر تاکێکدا داکوتیوە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان لە ڕوانگەی ئاینەوە پێ ڕاییدەکەن.

٢.٢.١.١ دەربڕاوی قوربان لە جەژنی قورباندا:

ئەم دەربڕاوەکۆمەڵایەتییە لە گفتوگۆ کۆمەڵایەتییەکاندا پشکنینی واتای بۆ دەکەین:

٣. گفتوگۆی باوە ئاینییەکان

ا. فەرهاد: جەژنی قوربانت پیرۆزبێت.

ب. شیرین: جەژنی قوربان لەئێوەیش پیرۆزبێت.

کاتێك تەماشای گفتوگۆی (٣) دەکەین، باوێکی کۆمەڵایەتیی ئایینییە، دەربڕاوی «جەژنی قوربان» بەکارهاتووە، لە فرێزێک پێکهاتووە بە ئەم شێوەیە:

جەژن: باوێکی ئایینییە، قوربانی: لە دوو وشە پێکهاتوون، (قورب + ان + ی) وشەی یەکەم، لە زمانی عەرەبیشدا هەیە، کە بەواتای نزیکی دێت، پاشگری ( - ی) ئەبستراکتی وەرگرتووە، کە لەنێو کۆمەڵدا بە واتای ئایینییەکەی سەربڕینی گیاندارێکە کە لە ڕۆژی قورباندا سەربڕاون، ئەمە واتا گشتییەکەیەتی «زمانییەکەی» کە بەکار هاتوون.

٢.٢.١.١.١ دەربڕاوی (قوربان) لە دەربڕاوە کۆمەڵایەتییەکاندا:

٤. گفتوگۆی باوەکۆمەڵایەتییەکان (پرسیار و وەڵامی دوو کەس)

ا. ئەم گوڵە منالی کێیە؟

ب. برازامە.

ا. ئەی قوربانی بم.

Scanned with CamScanner

وشەی(قوربان) واتای ئاخاوتنەکەی جیاوازە لە واتا بنەڕەتیەکەی، لێرەدا دەربڕینی خۆشەویستی و خۆبەختکردنە بۆ خۆشەویستی منالەکە، زۆر کات نزیکی کەسوکاری منداڵەکەش لە قسەکەرەکەوە کاریگەری لەسەر ئاخاوتنەکان جێدەهێڵن.

۲.۱.۱.۲.۲دەربڕاوی (قوربان) لە هەواڵنامەی تەلەفیزۆنیدا:

٥. پێشکەشکردنی: هەواڵ

ا. لە ڕووداوێکی هاتووچۆدا چوار قوربانی لێکەوتەوە.

- لە ڕستەی (٤،ب)دا، وشەی قوربانی، مەبەستی کەسێك؛ یان چەند کەسێکە کە بەهۆی پێکدادانی ئۆتۆمبێلەوە زیانیان پێگەیشتووە، بەڵام زۆربەی جار ڕوونییە، مەبەست لە قوربانی تەنیا برینداربوونە، یان گیانیان سپاردووە، بەڵام قوربانی زیاتر بە واتای گیانسپاردن دێت.

زۆرجار واتای دەقی ئایینی لە کۆمەڵدا بە تەواوی ئاشکرا نییە، زۆربەی کاتیش واتاکان دەماودەم گوازراونەتەوە و واتای بنەڕەتی وشەکەیش ناگوازرێنەوە، وەك ئەوەی لە وشەی (قوربانیدا) بینیمان کە لێڵێ واتایی تێدایە.

ئەو واتایەی لە قوربانیدا هەیە، مەرج نییە لەنێو زمانی کۆمەڵدا بەتەواوی درك کرابن، چونکە مەبەست لە (قوربانی) زیاتر بۆ ئەوەیە لە خودا نزیکبینەوە، وشەی (قوربانیش) بە واتای نزیکبوونەوە دێت، واتا وردەکەی (قوربانی) ئەوەیە مرۆڤ ئەو گیاندارەی سەریدەبڕێت پارەی پێدراوە، پارەیش خۆشەویستە، بە واتای ئەوەیە دەروونی خۆم و حەز و خولیایی خۆم دەبەخشم (سەردەبڕم)، تەنیا بۆ ئەوەی لە خودا نزیکبمەوە، ئەم واتایەی بە دەگمەن لە زمانی کوردیدا باسکراون، بەڵام لە ڕێگەی ئاخاوتنەکانەوە زیاتر ئەم واتایە خراوەتەڕوو، بە دیوێکی تردا زۆربەی کات وشەکانی زمان لە ڕێگەی ئاخاوتنەوە لە واتایەکەیان باشتر دەگەین، کاتێك لە نێو باوەکۆمەڵایەتییەکاندا بەکاردەهێنرێنەوە، ئێستا لە زمانی کوردیدا بە هۆی بەکارهێنانی وشەکە لە باوەکۆمەڵایەتییەکاندا واتاکەی زۆر فراوانتر بووە، بەپێی کاتیش دەکرێت واتای تر هەبێت، قوربانی ئەم واتایانەی لەنێو کۆمەڵی کوردەواریدا( خۆبەختکردن، خۆشەویستی دەربرین، لێکنزیکبوونەوە لە تەك خودا و مرۆڤدا، زیانلێکەوتوانی ئۆتۆمبیل، (بریندار، کۆچکردوو..) هەیە.

۳.۱.۱.۲.۲دەربڕاوی «قوربان» لە پەندی پێشیناندا:

لە باوەکۆمەڵاتییەکانەوە و لە ئەنجامی ئەزموون و ژیانەوە و لە ئەنجامی ڕووداوەکان، کۆمەڵێك دەربڕاو سینەبەسینە گوازراوەتەوە، کە دەربڕاوێکە خاوەن واتای ڕاستی و جوانی ئەزموونی پێوەدیارە، بە پەندی پێشنیان ناونراوە.

ا.٦. ئاغا و نۆکەران لێك ڕاسبوونەوە + قوربان قوربانیش لەبیرچوونەوە.(ئەحمەدی بەهرامی:۲۰۰٥: ۲۸).

کاتێك تەماشای ئەم پەندە دەکەین، قوربان بە واتای ڕێزی نێوان ئاغا و نۆکەر، کە پلەیەکی کۆمەڵایەتییە، وەك ڕێزێك وشەی «قوربان» لە لایەن نۆکەرەوە، بەرانبەر گەورەکەی بەکارهاتووە، بەڵام لە کاتێکدا نێوانیان تێکدەچێت، ڕێز و بەکارهێنانی وشەی قوربانیش نامێنێت. لێرەدا بە واتای ڕێزگرتنی پیشە... بەکارهاتووە، لە خوارەوە بۆ سەرەوە، لە شیکردنەوەی نموونەکان...

Scanned with CamScanner

لە ئاخاوتندا بەکاردەهێنرێت، ئەم واتایانەی هەیە:

ا. لە ڕووی ئایینییەوە: جەژنی قوربان، قوربانیکردن و سەربڕین، دەستکەوتنی چاکە و لە خودا نزیکبوونەوە.

ب. باوە کۆمەڵاتییەکان: خۆشەویستی دەربڕین، ڕێزدەربڕین، مردن و برینداربوون.

پ. لە پەندی پێشیناندا: واتای ڕێزگرتنی بچووک لە گەورە دەگەیەنێت.

٣.٢.٢ باوە کۆمەڵایەتییەکان لە دەربڕاوی عەیبەدا (دەربڕاوە تابووەکان)

ئەم وشەی (عەیبە)یە، ئاخاوتنی کۆمەڵایەتییە، زاراوە زانستییەکەی (تابووە)، کە زیاتر بۆ مەبەستی شکۆ و شاردنەوە بەکارهاتووە؛ لە زانستی زماندا و لە بواری زمانەوانیدا بە (تابوو)* ناسراوە، فرۆیدیش باسی ئەم چەمکەی کردووە، بڕوای وابووە، ئەم زاراوەیە دوو واتای ناکۆکی لە خۆیدا کۆکردووەتەوە، واتایەك کە پیرۆزکرا و جەختکردنەوەیە، واتای دیکەشی بریتییە لە ئەوەی کە واتای مەترسیدار، یاساغ و گڵاو ڕاز ئامێزی هەیە، بەڵام لەنێو کۆمەڵدا بە دەربڕاوی (عەیبە، عەیبداربوون، حەیاچوون) دەربڕاون.

وەك دەبینین، لەنێو کۆمەڵدا بۆ هەندێك لە ئەندامەکانی لاشەی مرۆڤ چەند ناوێك دانراون، کە گوتنیان لەنێو کۆمەڵدا ناسانییە و کاتێك دەگوترێن، بە ئاگاییەوە، یان بە شێوەیەکی زانستی، یان بە جوان پۆشییەوە وشەیەك نزیك لە ئەو وشەوە بەکارهێنراون، ئەمەیش پێرەوێکی کۆمەڵایەتییە و لە کۆمەڵدا بەکارهێنراون، لە زانستی زمانیشدا (شاخەوان جەلال فەرەج:٢٠١١:٢١)، بە وردی کار لەسەر ئەم دەربڕاوانە کراوە و هۆکارەکەی وەك لەسەرەوە خرایەڕوو بۆ هۆکاری مەبەستی (شکۆ و شاردنەوە) بەکارهێنراون. ئەم باوە کۆمەڵایەتییە، لە کۆمەڵەوە واتا وەردەگرن و بە پێی کۆمەڵیش واتاکەیان دەگۆڕدرێن، لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی تر، هاوبەشی و جیاوازییان هەیە، ئەو شتەی دوێنێ تابوو (عەیبە) بووە، ئەمڕۆ ئاساییە و خۆپارێزییە، تەندروستییە، ئەوشتەی دوێنی عەیبەبوو، ئەمڕۆ مافی تایبەتی کەسەکانە، بیروڕای ئایینیش کاریگەری لەسەر ئەو دەربڕاوانە هەبوە. ئەم بابەتانە لە ڕێگەی گفتوگۆ کۆمەڵاتییەکانەوە خستەڕوویان بۆ کراون، ئایا تابووەکان (عەیبەکان) کە لە زماندا هەیە، هەتا هەتایە و هەر بە ئەو شێوە دەمێنێتەوە، یان پێوەندی بە بارودۆخەکانەوە هەیە، بەڵام ئەوەی گرنگە بگوترێت، مەرج نییە هەموو تابوو شکاندنێک زیان و عەیبەبێت.

١.٣.٢.٢ گفتوگۆی ڕۆژانەی باوە کۆمەڵایەتییەکان (تابوو) (گەنجێك و بەتەمەنێک)

ا.٧. کوڕم مامت نەخۆشە، ڕۆشتی بۆ سەردانی؟

ب. نەوەڵا باوکە، کارم هەبوو بۆم نەکرا بڕۆم.

ا. بەخوا عەیبە ڕۆڵە. (لێرەدا سەردانی نەکردنی نەخۆش عەیبەیە )

لە گفتوگۆی ژمارە (٧ا، ب)دا، لەسەرەوەدا خراوەتەڕوو، وشەی (عەیبە) بەکارهاتوون، بەرانبەر پشتگوێخستنی سەردانیکردنی نەخۆشێک کە باوێکی کۆمەڵایەتی و ئایینییە، بەڵام کاتێك تەماشای ئەم باوە کۆمەڵایەتییە لە سەردەمی ئەمڕۆدا بکەین، بە ئەم شێوەیە:

٢،٣،٢،٢ گفتوگۆی ڕۆژانەی سەردانیکردنی نەخۆشێك (تابووشکاندن - نافەرمی) (ساڵی ٢٠٢٠):

ا.٨. کوڕم مامت نەخۆشە، ڕۆشتیت بۆ سەردانی؟

ب. نەوەڵا باوکە، ئێستا خۆت ئەزانی کاتی سەردان نەماوە، (عەیبەیە) سەردانیکردن.

Scanned with CamScanner

ا. وایە کورم، ئەم ڤایرۆسە (کۆڤید١٩) هەموو شتێکی گۆڕیوە.

کاتێک تەماشای گفتوگۆی ژمارە (١٨، ب) دەکەین، هەر ئەو باوەکۆمەڵایەتییەی گفتوگۆی ژمارە (١٧، ب) بوون، بەڵام بارودۆخە تەندروستیی و کۆمەڵایەتییەکە گۆڕاون، ئەوەی پێیدەگوترێت (عەیبە) نەمابوو و بەڵکو پێچەوانەبۆتەوە، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت، زۆرجار ترس/ پارێزگاری لە خود و تاکەکەس، کاریگەری زۆر هەیە و زۆرێک لە باوە کۆمەڵایەتییەکان سڕدەکات، یان وردە وردە چالاکبوونی بەرە و کەمبوونەوە بردۆتەوە.( لێرەدا ئەم نەخۆششییە (کۆڤید١٩) سەردانیکردنی نەخۆشی بۆنەیەکی کۆمەڵایەتییە، بەڵام خەریکە دەبێتە یاساغی کۆمەڵایەتی و وەک تابووی لێدێت بە هۆی ئەم پەتا کوشندەوە).

٤.٢.٢ دەربڕاوە کۆمەڵایەتییەکان لە گفتوگۆی ڕۆژانەی (باوە ئابورییەکان)دا:

١٩ ا. ئەزانیت، کاکە حەمە، زۆر پیسکەیە.

ب. ئەزانم کاکە هەرکۆیدەکاتەوە و هەڵیدەگرێت، کەس سودی لێنابینێت.

ا. هاورامی پیسکەیە؟

ب. ئەرێ وەڵا هاوڕاتم.

ئەم نموونانەی ژمارە (١٩، ب) ئەوە دەگەیەنن، لە باوی کۆمەڵایەتییە ئابورییەکانی کوردەواریدا، کەسێک هەر کۆیبکاتەوە و دواتر خەریکی ژمارەکردنی بێت، بە باوێکی خراپ ناودەبرێت، بەڵام ئەگەر ئەم باوەکۆمەڵایەتییە لە وڵاتێکی ڕۆژئاوایدا بێت مەرج نییە وابێت.

٤.٢.٢.١ گفتوگۆی ڕۆژانەی باوە ئابورییەکان (لە ڕۆژئاوا):

١٠. ا. ئەزانیی (جۆن) زۆر ئابورییە، وایە؟

ب. ڕاستدەکەن، هەر کۆیدەکاتەوە و لە بانک دایدەنێت (چاوپێکەوتنی تایبەت: زانا محەمەد، بەریتانیا: ٢٠٢٠).

لە نموونەی (١٠:ا، ب)دا، هەمان باوەکۆمەڵایەتییەکەیە، بەڵام لە وڵاتێکی ڕۆژئاواییدایە، لێرەدا وەک باوێکی کۆمەڵایەتی باش دادەنرێن و بەلایەنێکی بەهێزی کەسایەتی دادەنرێن، وەک هەرێمی کوردستان نییە، لێرەوە دەتوانرێت بگوترێت: سنووری باوە کۆمەڵایەتییەکان و باوەئابورییەکان زۆرفراوانە، بەڵام مەرج نییە باوێک لە هەردوولا وەک یەکتری لەلایەن کۆمەڵەوە تەماشابکرێنەوە.

٤.٢.٢.٢ گفتوگۆی ڕۆژانەی دەربڕاوە کۆمەڵاتییەکان لە وشەی «سوودخۆر»دا (کوردستان):

١١. ا. ئەزانی سوارەی لای خۆمان (سوودخۆرە)؟

ب. بە ڕاستە؟

ا. بەڵێ بە ڕاستمە، ئەو ڕۆژە کەسێك هات بۆ لای (سوود)ی، قەرزەکانی پێدایەوە.

ب. بەداخەوە سووخواردن تاوانە (شیاو نییە)، خۆ دەمدەکاتەوە، پردەمی لە ناوی خوایە.

ا. ئیتر وایلێهاتووە.

لە باوی کۆمەڵایەتی کوردەواری، سوودخواردن شیاونییە، هەر بۆ ئەم مەبەستە بانکی ئایینی لە هەرێمی کوردستان دانراوە، ئەمەیش کاریگەری ئایینییە بەسەر دەربڕاوەکانەوە، مەرج نییە تا چەند ساڵێکی دیکە وابمێنێتەوە.

٤.٢.٢.٣گفتوگۆی ڕۆژانەی باوەکۆمەڵاتییەکان لە وشەی «سوودخۆر»دا (ڕۆژئاوا):

١٢. ا. ئەم مانگە، پارەی سوودی (Usury) باش هاتە هەژمارەکەت؟

ب. بەڵی قازانجی زۆر زۆرم کردووە.

ا. بە ڕاستی لەم مامەڵەدا لێزان و زیرەکن.

ب. زۆر سوپاس.

کاتێـک تەماشـای گفتوگـۆی ژمـارە (١١، ب) و (١٢، ب) بکەیـن، بـاوە کۆمەڵایەتییەکانیـان جیـاوازە، واتـای وشـەکانیش لـە ناخاوتنـدا جیـاوازە، ئەگـەر چـی لـە زمـان و فەرهەنگـدا (سـوودخۆر) لـە زمـان کـوردی و ئینگلیزیـدا (Usury) بەرانبـەر یەکـتری دێـن و دەنووسرێـن، بـەڵام لـە گفتوگـۆی ڕۆژانـەدا تاڕادەیەکـی بـاش پێچەوانـەی یەکـترن، ئەمەیـش ئـەوە پیشـاندەدات لـە ڕێگـەی گفتوگـۆوە واتـای باوەکۆمەڵاتییـەکان/ دەربڕاوەکۆمەڵاتییـەکان باشـتر دەخرێتـەڕوو، تـا لـە ڕێگـەی زمانـەوە (فەرهەنگـەوە).

٥.٢.٢ گفتوگۆی دەربڕاوە کۆمەڵایەتییە – سەربازییەکان – شوێنەکە فەرمییە) (دەربڕاوی (گەورەم):

١٣: ا. گەورەم بەیانی باش (بە سڵاوی سەربازییەوە: بەقاچ کوتان بەزەوی و دەستبەرزکردنەوە بۆ لای سەر).

ب. سەرچاو، کارت چییە؟

ا. مۆڵەتم ئەوێت، بۆ بەیانی...

ب. بۆ بەیانی ناکرێت.

ا. زۆر سوپاس گەورەم (بە سڵاوی سەربازییەوە)

کاتێـک تەماشـای بەکارهێنانـی وشـەی (گـەورەم) دەکەیـن، زۆر فەرمییـە و ئـەو کەسـەی ئەمـەی بـۆ بەکارهێنـاوە خاوەنـی پلـە و هێـزی سـەربازییە، لـە بـواری ئایینیـدا گـەورەم زیاتـر بـۆ خـودا بەکارهاتـووە، ئـەم دەربـڕاوە وەك باوێکـی کۆمەڵایەتـی کـوردی – سـەربازییە، کـە لەلایـەن ئەفسـەرانەوە بەکارهێـنراوە، بۆنەیەکـی فەرمییـە و لـە چێـوەی یاسـادا ڕێکخـراوە، لەنێـو باوەکۆمەڵایەتییـە کوردییەکانـدا (بـازاڕ، مـاڵان..) بـە ئـەم شـێوەیە بـە کارنایـەت، بەڵکـو بـە کاردێـت بـۆ خۆشەویسـتی و زیاتـر لـە نێـوان دووکـەس، یـان دووهـاوڕێ کـە زۆر لـە یەکترییـەوە نزیکـبن بەکاردێـن.

٦.٢.٢ گفتوگۆ لەسەر باوەکۆمەڵایەتییەکان- ڕامیارییەکان (دەربڕاوی (شەهید):

وشـەی شـەهید، لەنێـو حوکمەتـی هەرێمـدا، ئەوانـەی گرتووتـەوە، کـە گیانیـان بـۆ گەلـی کـورد بەخشـیووە، لـە کۆزانیـاری کوردیـدا بەناوهێنانـی (شـەهید) لاشـەیەکی پرخوێنـاوی دێتـە بەرچاومـان کـە خۆیـان بەکوشـتنداوە/ شـەهیدبوون لـە بەرانبـەر وڵاتـە دراوسـێیەکانمان...تاد، جەنـگاون تـا مـردن، ئـەم دەربـڕاوە، لـە بـواری فەرمیشـدا بەکارهێـنراوە، بـۆ نموونـە:

١٤: ا. لە چی وەزارەتێکی؟

ب. لە وەزارەتی شەهیداندا فەرمانبەرم.

لـە گفتوگـۆی ژمـارە (١٤) دا، دەبینیـن، وشـەی (شـەهید) یـەك وەزارەتـی بـۆ تەرخانکـراوە، لـە چەنـد بـەش پێکدێـت، واتـە ئەگەرچـی وشـەکە وشـەیەکی عەرەبییـە و لـە عەرەبەکانـەوە وەرمانگرتـووە، بـەڵام کتومـت وەك زمانـی عەرەبـی واتاکانـی بەکارناهێنیـن، چونکـە لـە زمانـی عەرەبیـدا سـەرچاوەی واتـای

وشـەکە زیاتـر ئایینییـە و کۆمەڵایەتیشـە، هـاوکات لـە زمانـی کوردیشـدا کۆمەڵایەتـی و سیاسیشـە، وشـەیەکی چالاکـە



Scanned with CamScanner

و لە زمانی کوردیدا زۆر دەبینرێتەوە بۆ نموونە:

١.١٥. با پێکەوە، خولەکێك بۆ گیانی شەهیدان ڕابوەستین.

ب. شەهیدان نامرن، چاویان لێمانە.

پ. پێشمەرگەی قارەمان و ئازاو چەلەنگ، شەهید دەبن.

ئەم ڕستانە (١:١٥ -پ)لەنێو کۆبوونەوە و باوە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکارهێنراون، واتای وشەی (شەهید)ی، بە واتای ئەوەی کەسێك (لە جەنگ، ڕووبەڕووبوونەوە، تەقینەوەی مین..تاد) گیانی سپاردبێت و لەڕیزی گەل لەنێو دەسەڵاتی هەرێمی کوردستاندا بێت بە (شەهید) ناوبراوە، ئەمە واتا باوەکەیەتی، لە ڕووی زمانەوە، بەڵام کاتێك زیاتر تیشك دەخەینەسەری و قوڵتر لێدەڕوانین (شەهید) ئەوانەن، کە بە گیانی خۆیان شاهیدیان لەسەر ڕەوای دۆخێك، یان ڕووداوێك داوە، واتە ئەوەندە ئامانجەکەیان گرنگبووە، بەوشە نەتوانراوە بگوترێت، یان گوتویانە گوێیان لێنەگیراوە، دواجار گیانیان سپاردووە و بە (شەهید) ناویانراوە و لە لایەن میللەتەوە بە شکۆوە ناودەبرێن. لێرەدا واتای زمانی (شەهید) مزدنە، بەڵام واتای ئاخاوتنی زۆر بەهێزترە و فراوانترە، ئەو کاتەی بە زمان ناتوانرێت شتێك بگوترێت و گوێی لێبگیرێت، بە سپاردنی گیان باسی دەکرێت، ئەمەیش جیاوازی واتای زمان و واتای ئاخاوتنی وشەکە بوو، کە واتایی ئاخاوتنەکەی قوڵتر و بە هێزتربوو، لە ئەو واتایەی لەنێو کۆمەڵدا درککراوە. (چاوپێکەوتنی تایبەت: عەبدوڵا عەبدولعەزیز نێرگسەجاڕی: ٢٠٢٠، سلێمانی)

٧.٢.٢گفتوگۆی باوە کۆمەڵایەتییەکان لە کردەی چاکوچۆنیدا:

لە ژیانی ڕۆژانەی ئێمەدا، هەر لە خێزانەوە تا دەگاتە کۆمەڵگە؛ چاکو چۆنی بەکاردێنین، وەک سەرەتایەک بۆ گفتوگۆ و ئاخاوتن و بەجێهێنانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. چاکوچۆنیش خۆی لە کۆمەڵێک دەربڕاوی کۆمەڵایەتیدا دەبینێتەوە؛ کە لە ژیانی ڕۆژانەماندا بەکاریاندەهێنین. هەر لەبەر ئەوەیە دەبینین (( ئەم دەربڕینانە پەیوەندی دوور و قووڵیان بە مێژووی نەتەوە و تێڕوانینی کۆمەڵگە بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە و ڕەنگدانەوەیەکی ڕوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانن)). (قەیس کاکل: ٢٠١٤: ٨٧). ئەگەر تەماشەی کۆمەڵی کوردەواری بکەین، دەبینین ئەم دەربڕاوە کۆمەڵایەتییانەی کە لە چاکوچۆنیدا بەکاردێن؛ وەک لایەنێکی بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردێن و تێیدا ڕەچاوی دەروونی تاک بەپێی شوێن و کارەکەی کراوە و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی تاک تەواودەکات. هەروەها دەبێت ئەوەش بزانین ئەم دەربڕاوی چاکوچۆنیانە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە جیاوازن و ئەم دەربڕاوانە خۆیان لەسەر بنەماکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەیەکدا بنیاتدەنێن؛ کە تاکەکانی ئەو کۆمەڵەیە لەسەری ڕێکدەکەون. ئەم دەربڕاوانەی کە بۆ ئەم مەبەستە بەکاردێن، دەبنە کلیلی کردنەوەی سەرەتای بەیەکگەیشتن یان لە یەکتر دابڕان، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم دەربڕاوانە دەبنە کلیلی دەرگای گفتوگۆ یان دروستکردنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. (قەیس کاکل: ٢٠١٤: ٨٦). هەروەها ئەم دەربڕاوانە بەپێی شوێن و دەوروبەرەکە بەشێوەی نافەرمی لەو چێوەیەدا بەکاردێن؛ وەک: کاتێک تۆ بەلای شوانێکی مێگەلە مەڕێکدا تێدەپەڕیت، ناتوانیت بڵێیت (چۆنی؟ باشی؟ یان سەلاموعەلەیک)؛ چونکە ئەوکاتە گەر ئەمانە بەکاربهێنیت دەبێتە لادان لە ئەو دەربڕاوەی کە کۆمەڵگەی کوردی (ناوچەیەی پشدەر) بۆ شوانێک لەسەری ڕێککەوتن؛ ئەویش بەم شێوەیەیە:

١.١٦. بە دەوڵەت(***) بای، مام شوان؟

ب. مام شوان: دەوڵەتی خوات لەگەڵ بەخێربێت.

ئـەم ڕستانە (١٦.ا.ب) ئـەو دەربڕاوانانـەن کـە کەسێک بـەلای شـوانی مێگەلـە مەڕێکدا تێدەپەڕێـت و دەیەوێـت سڵاو یـان گفتوگۆی لەگـەڵ بـکات. ئـەم دەربڕاوانـە دەبنـە کلیلـی کردنـەوەی دەرگای گفتوگۆ لەنێـوان هـەردوو لادا، خـۆ ئەگـەر بێـت و ئـەم دەربـڕاوە بەکارنەهێنێـت؛ بێگومـان کاکـی شـوان زۆر لـە دڵـی گـران دەبێـت، تەنانـەت بـە دەموچاوێکـی گـرژەوە مـۆڕەت لێـدەکات. لێـرەوە لەسـەرمان پێویسـتە و وا چوانـترە ئـەم دەربـڕاوە کۆمەڵایەتیانـە باشـتر بناسـین و بزانیـن لـە کـوێ و کام دەربـڕاوە بـاوە لـە ڕووی کۆمەڵایەتییـەوە؟. بـۆ زیاتـر تێگەیشـتن بـا لـەو نموونەیـەش وردبینـەوە، کاتێـک کەسێک بـەلای پارچەیـەک زەوی گەنمـی زەردا تێدەپەڕێـت و دەبینێـت، پاڵـەکان بـە داس خەریکـی دروێنـەن. تـۆ لەسـەرت پێویسـتە بـۆ کلیلـی گفتوگـۆ ئـەم دەربـڕاوە تایبەتـە بەکاربهێنیـت:

١٧.ا. خوا قوەتوێودا؟

ب. قوەتی خوات لەگەڵ بەخێرێت.

تـۆ لـەم شـوێنەدا بـۆ دروسـتکردنی پەیوەنـدی کۆمەڵایەتـی ناتوانـی بڵێیـت؛ چۆنـن؟ چاکـن؟ خـۆ ئەگـەر وابڵێیـت، بێگومـان گەردێکـت لـە دڵـی پاڵەکانـدا دروستکردووە و ئەگـەری هەیـە بەچاوێکـی گرژومۆنـەوە تەماشـات بدەکاتـەوە، چونکـە تـۆ هەسـتاویت باوەکۆمەڵایەتییەکـەت تێکـداوە. کەواتـە ئـەم دەربڕاوانـەی کـە بـۆ چاکوچۆنـی پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان بـاون، گرنگییەکـی لـە ڕادەبەریـان هەیـە بـۆ دروسـتکردن توکمەکـردن و پێشخسـتنی پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان، هـاوکات خـودی چاکوچۆنی بەدیوێکـت تـردا فـۆ بەرانبـەر ئـەوە دەگەیەنێـت کـە هیـچ زیانێکـت بـۆ بەرانبەرەکـەت نییـە، بـە پێـی شـوێن و زار و شـێوەزاری کەسـەکان دەربڕاوەکانـش دەگۆڕێـن.

ئەنجامەکان

دوای شیکردنەوەی دەربـڕاوەکان لـە گفتوگـۆ کۆمەڵایەتییەکانـدا، لـە بەشـی یەکەم و بەشـی دووەمـی توێژینەوەکەدا بە ئـەم ئەنجامە زانستیانە گەیشتووین:

١.زمـان و ئاخاوتـن، بـە ئاسـانی لـە ڕووی تیـۆری زانسـتی زمانـەوە، جیاکراوەتـەوە، لێـرەوە بـە ئـەو ئەنجامـە گەیشـتووین، ئاخاوتـن دەورێکـی کاریگـەری هەیـە، لـە فراوانبوونـی واتـا و بەردەوامبوونـی چالاکـی و بـە بەرهەمـی لـە زمانـدا، ئەویـش کاتێکـە کـە زمـان لـە ئاخاوتنـی باوەکۆمەڵایەتییەکانـدا بەکاربهێنینـەوە.

٢. باوەکۆمەڵایەتییـەکان لـە زمانـی کوردیـدا (دەربـڕاوەکان)، هەموویـان پاڵنەرێکـی دەروونـی لـە پشـتیانەوەیە، کـە زۆر جـار دۆخـی کۆمەڵایەتیـن، یـان ئایینیـن، یـان ئابوریـن، یـان سـەربازین...تاد، کـە دەکرێـت بـە توێژینـەوەی تایبەتـی لـە ڕووی دەروونیشـەوە لێبکۆڵرێتـەوە.

٢. باوەکۆمەڵایەتییـەکان لـە زمانـی کوردیـدا (دەربـڕاوەکان)، زۆربـەی هـەرە زۆری کاریگـەری ئایینیـان بەسـەرەوە دیـارە، بـەڵام باوێـك بـۆ باوێکـی دیکـە جیاوازە، بـۆ نموونـە بـاوە سـەربازییەکان کەمتر کاریگـەری ئاینییان بەسـەرەوەیە، تابـووی باوەکۆمەڵاتییـەکان، بـە پێـی کات و سـەردەم گۆڕانیـان بەسـەردا دێـت و وردە وردە تابووەکان بـەرەو شـکاندن دەچـن و تابـووی نوێتریـش پەیدابـوون.

٣. ئاخاوتـن واتـای وشـەکانی زمـان زیاتـر فـراوان دەکات، زۆرجـار ئاخاوتنـی دوو وڵاتـی جیـاواز، واتـای جیـاواز و پێچەوانەمـان پێـدەدات، لەسـەر یـەك دەربـڕاوی کۆمەڵایەتـی بـۆ نمونـە وەك دەربـڕاوی سـووخواردن.

٤. دەربراوەکانی زمان، تەنیا لە ڕێگەی بە کارهێنانی لە ئاخاوتندا دەتوانرێت واتا جیاوازییەکانی بەپێی شوێنی بە کارهێنانی بخرێنەڕوو، بۆ نموونە بەپێی توێژینەوە، واتای تری دەربراوی (قوربان، شەهید، سووخۆر، سەردانی نەخۆش...تاد) خراوەتەروو.

٥. دەربراوەکۆمەڵاتییەکان بە پێی ناوچەی جوگرافی لە شێوەی وشە و واتای وشەدا دەگۆڕێن. واتە ئاخاوتنی جیاواز لە شێوەزارەکاندا هۆکارە بۆ ئەوەی واتای وشەکانیش گۆرانکاریان تێدابێت.

پەراوێزەکان

*. تابۆ/ تابوو(Taboo)، لە ئەم لێکۆڵینەوەدا، مەبەست سەرجەم ئەو دەربڕینانەیە، کە دەربڕینیان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ڕاشکاوانە، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە شیاو نییە، هەندێک لە دەربڕاوە فۆڕمە زمانییەکان وشەی فەرهەنگین و واتای نەشیاویان هەیە، هەندێکی تریشیان لە پێوەندی واتای نێوان زیاتر لەوشەیەك دروستدەبن، لە کۆمەڵیشدا زمان پێوەری تاکە و تاکیش لە چێوەی کۆمەڵدا زمان بەکاردەهێنێت، هەندێک دەربڕین و هەندێک ئاخاوتن و هەندێک ڕەتکردنەوە لە کۆمەڵدا شیاو نییە و ئاسان نییە، تابووەکانیش هەندێک لایەنی جەستەی مرۆڤ دەگرنەوە، ئەوی تریش باوەکۆمەڵاتییەکانن، کە ئەو باوانەن کە کۆمەڵ ڕەزامەندە لەسەریان و تاك پابەندە پێیانەوە، ڕەتدکردنەوەی جۆرێکە لە شکاندنی تابووی کۆمەڵایەتی..تاد بۆ زانیاری زیاتر بروانە:

**. بوشرا کەسنەزانی (٢٠١٩) ئەم زانیارییەی لە کتێبی زیگمۆند فرۆید (٢٠٠٥: ٥٧)، تەوتەم و تابوو، چاپی یەکەم، چاپوو پەخشی ڕێنما، وەرگرتووە، دواتر شیکردنەوەی بۆ کلتوری کوردی و تابوو لەنێو کۆمەڵی کردووە، تابوو لای کورد بە واتای ترسی پیرۆز دێت...تاد.

***. ئاشکرایە، لە گفتوگۆ کۆمەڵایەتیەکاندا نەریتی بەرکارهێنانی (وشە و ڕستە) بەکارهێنان، لە شوێنە جیاوازەکاندا دەگۆڕێت، لێرەدا وشەی (دەوڵەت) لە ناوچەی پشتدەر زیاتر بە کار دێت، بە واتای: سەروەت و سامان و گوزران باشبوون و دەوڵەمەندی هاتووە، کاتێك بەلای جوتیارێکدا بدەیت، دەربراوەکان و ڕستەکانیش جیاوازن، ئەم جیاوازیەیش بەپێی جیاوازی شوێن و ناوچە کوردییەکان گۆرانی بەسەردا هاتووە، ئەگەر توێژینەوەی تێدا بکەین دەوڵەمەندی زمانی کوردیمان لە گفتوگۆ کۆمەڵایەتییەکاندا زیاتر بۆ دەرکەوێت. وەک دەبینین گفتوگۆ کۆمەڵایەتییەکان لە شوێنە جیاوازەکاندا واتای وشەکان فراوان دەکات، یان گۆرانی لە واتای وشەکاندا دەکات.

سەرچاوەکان

١. کتێبی کوردی

ئارام قادر (٢٠١٠) شرۆڤەی لۆجیکی بۆ زمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، ژمارەی سپاردن (٤٩٥)، هەولێر.

ئەحمەدی بەهرامی (ژاکاو) (٢٠١٤)، فەرمووەدەی پیران و پەندی ژیران، چاپی یەکەم، زانکۆی کوردستان چاپکردووە، سنە.

بەکر عومەر عەلی و شێرکۆ حەمە ئەمین (٢٠٠٦)، زار و شێوەزار، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، ژمارەی سپاردن (١٠٤٨)، سلێمانی.

بوشرا کەسنەزانی (٢٠١٩)، شیعری کلاسیکی کوردی و تابووشکێنی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، ژمارە (١٤٨٢)، لە بەڕێوبەرێتی کتێبخانە گشتییەکانی پێدراوە، سلێمانی.

جاناتان کالر(٢٠١٤)، فەردیناند دیسۆسێر، و: مستەفا غەفور، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.
دارا حەمید محەمەد (٢٠١٤) هەندێك لایەن لە تیۆرییەکانی زمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج.
دەروون عبدالرەحمن ساڵح (٢٠١٢)، ئیکۆنۆمی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، ژمارەی سپاردن (١٤٨)ی ساڵی (٢٠١٢) پێدراوە، هەولێر.
زگمۆید فرۆید، (٢٠٠٥) تەوتەم و تابۆ، و: رەزا مەنوچەری، چاپ و بەخشی رێنما، سلێمانی.
شەهاب شێخ تەیب تاهیر (٢٠١٢)، بنەما و پێکهاتەکانیی زاراوە لە زمانی کوردیدا چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، ژمارەی سپاردن (١٩٥٠)ی ساڵی ٢٠١٢ی وەزارەتی رۆشنبیریی و لاوانی پێدراوە، سلێمانی.
محەمەدی مەحویی (٢٠٠١)، زمان و زانستی زمان، بەرگی یەککەم، چاپی یەکەم، ژمارەی سپاردن، (٩٣) ٢٠٠١، زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
نوعمان نوقرە (٢٠١٦) ئاراستەکانی زمانەوانی نوێ ( لە سۆسێرەوە تا چۆمسکی)، و: نەریمان خۆشناو، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر.

ب. نامەی زانکۆیی
بەهار زاهیر(٢٠٠٩)، زمان و یاساکۆمەڵایەتییەکان، نامەی ماجستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.
زوبێر عەلی عارف (٢٠١٢)، ئیدیەم لە شێوەزاری هەورامیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، بەشی کوردی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
شاخەوان جەلال فەرەج(٢٠١١)، تابۆ وەک نموونەیەکی پەیوەندی نێوان زمان و کلتور، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
کەلسوم خالید ئەحمەد: (٢٠١٦) تاوانی زمانی لە کۆمەڵگەی کوردیدا ( دادگاکانی هەولێر بە نمونە)، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردەی بنەرەتی، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
مستەفا رەزا مستەفا (٢٠١٣)، ناوی ئەبستراکت و پێزی مۆرفیمە دارێژەکانی ناوی ئەبستراکت لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
هێمن عەبدولحەمید شەمس (٢٠٠٦)، شێواز و دەربرین لە بۆنەکۆمەڵایەتییەکاندا، نامەی ماجستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

ت. سەرچاوە بە زمانی عەرەبی
١. سەعید الغانمی (١٩٨٩: ١٥)، المعني و الكلمات، الموسوعة الصغيرة (٣١٦)، وزارة الثقافة و الاعلام، بغداد.
٢. عبدالباقی البکری و زهير بشير،(٢٠١٧) المدخل الدراسه القانون، شرکه العاتک - القاهره.

س. گۆڤاری زانستی:
١. . قەیس کاکل تۆفیق (٢٠١٤)، چەند لایەنێک لە کردەی چاکوچۆنیدا، گۆڤاری زانکۆی راپەرین، ژمارە (٢)، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.
٢. هێمن عەبدولحەمید شەمس (٢٠١٨) پەیوەندی و کارلێکی زمان و بیر تابۆی سێکسی بە نمونە)، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤاتییەکان، بەرگی (٢٢) ژمارە (٣).

Scanned with CamScanner

ج. چاوپێکەوتنی تایبەت:

١. زانا محەمەد اوبوبەکر، ئاخێوەری کورد، ٢٠٢٠/٢/٢٠، بەریتانیا.

٢. عەبدوڵا عەبدولعەزیز کەریم تێرگسەجاری ( بیرمەند) باوەکۆمەڵاتییەکان لە ڕووی ئاینی و کۆمەڵایەتییەوە، لە ٢٠٢٠/١/٢٠ گفتوگۆمان لە تەک کردووە، سلێمانی.

چ. پێگەی ئەلیکترۆنی:

١.. https://www.etymonline.com/search?q=Sympho

المستخلص

هذا البحث المعنون بـ (التعابير الاجتماعية في ميزان اللسانيات (المحادثات الاجتماعية نموذجا)، أحدى الموضوعات المهمة في مجال علم اللغة الاجتماعي الذي يعد فرعاً من فروع علم اللغة التطبيقي، و لقلة الدراسات السابقة عن هذا الموضوع، إرتأينا الخوض في غماره بغية الوصول إلي أهداف مستجدة و واضحة أكثر ممّا سبق.

يشتمل البحث على فصلين، في الفصل الأول تحدثنا بإيجاز عن مراحل تاريخ علم اللغة، ثم تطرقنا للحديث عن نظرية علم اللغة و الكلام للعالم اللغوي فرديناند ديسوسير، كنظرية مستقلة و متطورة فاصلة بين حقلي اللغة والكلام، ثم تناولنا علاقة مصطلحات الأعراف الاجتماعية والقوانين الاجتماعية والقوانين الرسمية بتلك النظرية .

أمّا الفصل الثاني فقد خصّص لتحليل الأعراف الاجتماعية المشتملة على: الاعراف الاقتصادية، الاعراف العسكرية، الرسميات... الخ، في ضوء نظرية علم اللغة والكلام لفرديناند ديسوسير، ثم تحدثنا عن تفاصيل المنطوقات اللغوية في صورة محادثات اجتماعية لمدلولاتها، و في الوقت نفسه تحدثنا عن التباينات بين الاعراف الاجتماعية والقوانين الرسمية الخاصة باللغة الكوردية، وقد تطرقنا فيه الى مسألة (المحظور/ تابو -كسر المحظور) التي لم تحظ بأهمية بالغة في الدراسات السابقة عليها، مذيلا البحث بأهم النتائج التي توصلنا إليها و من أهمها: ان اللغة عبارة عن أسماء، والكلام يقوم بتوسيع دلالات تلك الاسماء في ضوء المحادثات الكلامية.

## Abstract

This research entitled (Social Expressions in the Balance of Linguistics -Social conversation for example), is one of the important topics in the field of social linguistics which is a branch of applied linguistics, and due to the lack of previous studies on this topic, we decided to go into it to reach goals New and clear than ever before.

The research includes two chapters, in the first chapter we talked briefly about the stages of the history of linguistics, then we discussed the theory of linguistics and speech for the linguistic world, Ferdinand Desucer, as an independent and sophisticated theory separating the fields of language and speech, then we dealt with the relationship of terms of social norms, social laws, and official laws That theory.

The second chapter is devoted to the analysis of social norms that include: economic norms, military



Scanned with CamScanner

norms, formalities ... etc, in the light of the theory of linguistics and speech of Ferdinand Desucer. Then we talked about the details of linguistic arguments in the form of social conversations of their implications, and at the same time we talked about the differences between social norms and the official laws of the Kurdish language, and we touched on the issue of (prohibited / taboo-breaking the taboo) that was not given great importance in previous studies on it, Indicating the research with the most important results that we reached and the most important of them: that the language names and speech extends the connotations of those names in light of the verbal conversations.

Scanned with CamScanner

حكومة اقليم كردستان - العراق
وزارة التعليم العالي و البحث العلمي
الهيئة الكردستانية للدراسات الأستراتيجية و البحث العلمي

# المجلة الكردستانية للدراسات الأستراتيجية

العدد(٩) اب ٢٠٢١

Scanned with CamScanner